# رۆڵی میدیاو رۆژنامەنووسان لە قۆناغی سەرهەڵدانی دیموکراسی ئێستای هەرێمی کوردستاندا

د.سامان جلال مولود
زانکۆی سەلاحەددین
کۆلیژی ئەدەبیات
بەشی راگەیاندن

## پێشەکی

ئەگەرچی کۆمەڵێك پرەنسیپ و بنەماو ئەرك و ئامانج، تەواوی میدیاو رۆژنامەنووسان لەیەك پیشەو ئیتیك و ئاراستەو بۆتەدا کۆدەکاتەوە، بەڵام بێگومان جولەی میدیاو رۆڵی رۆژنامەنووسان لەقۆناغێك بۆ قۆناغێکی تری سیاسی و دیموکراسی دەگۆڕێت.

بەر لە ساڵی ١٩٩١ نە ئازادی چاپەمەنی و راگەیاندن..وە نە ئازادی رادەربڕین بوونی نەبوو، چونکە تەواو ئەو هەرێمە لە ژێر ئیرادەو کۆنترۆڵی رژێمی عیراقدا بوو. دوای راپەرینی کوردان لە ١٩٩١، سەردەمێکی زێرین بۆ ئازادی رادەبڕین و ئازادی میدیا لە هەرێمی کوردستان خولقا...مەودای ئەو ئازادیە هەر کوردانی نەگرتەوە، بەڵکو تەواوی کەمە نەتەوەیەتییەکانی گرتەوە، کە لەم هەرێمەدا دەژین و نیشتەجێن. لەو ساتەوە تا ئێستا هەرێمی کوردستان وەك هەرێمێکی نیمچە سەربەخۆ، لە ململانێ و کێشمەکێشدایە. سیستەمی حکومڕانی لەم هەرێمەدا لە دیکتاتۆریەوە بۆ سیستەمی سەرهەڵدانی دیموکراسی(Emerging Democracy) ، گۆڕا(Mawlood, S, ٢٠١١) .

لەقۆناغی سەرهەڵدانی دیموکراسی هاوشێوەی هەرێمی کوردستان، میدیا زۆر جیاوازتر دەردەکەوێت وەك لەوەی لەقۆناغی بەر لەسەرهەڵدانی دیموکراسی یاخود لە قۆناغێکی دیموکراسی جێگیردا، دەبیندرێت، بۆیە ئەم توێژینەوەیە، هەوێنی باسکردنی میدیایە لەم قۆناغەدا لە هەرێمی کوردستان .

### هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتەکە:

لە قۆناغی سەرهەڵدانی دیموکراسی، هەم سیستەمی حکومڕانی و هەم میدیاکان، رووبەرووی رەخنەی زۆر بوونەتەوە لە هەرێمی کوردستان، بۆیە بەریەککەوتنی هەردوولایەن و ئەو ئاڵۆزی پشێوییەی کە بەو هۆیە دروست دەبن، هۆکاری سەرەکی هەڵبژاردنی ئەو لێکۆلینەوەیە بوون .

### گرنگی لێکۆڵینەوەکە:

گرنگی ئەم لێکۆلینەوەیە بۆ تێگەیشتنە لە جولەی میدیا لە قۆناغی سەرهەڵدانی دیموکراسی، هاوشێوەی هەرێمی کوردستان، هەروەها گەیشتن بەچۆنیەتی دەربازبوون لە ئاستەنگییەکانی میدیایە لەو قۆناغەدا و چۆننێتی بەیەکەوەکارکردن و هاوکاریکردنی میدیا و پرۆسەی دیموکراسی بەیەکەوە.

### سنووری لێکۆلینەوە:

ئەم لێکۆلینەوەیە، سنووری هەرێمی کوردستان و راگەیاندنی کوردی لە هەرێمی کوردستان دەگرێتەوە.

**ڕێبازی نووسینەوەی بابەتەکە:**

لەم لێکۆلینەوەیەدا، ڕێبازی شیکەرەوەیی بەکارهاتووە، هەوڵدراوە بەشێوەیەکی زانستی، قۆناغی سەرهەڵدانی دیموکراسی و جولەی میدیا لەم قۆناغەدا شیبکرێتەوە.

**کێشەی لێکۆلینەوە:**

کێشەی دیار لەم لێکۆلینەوەیە، نەبوونی سەرچاوەی دروست و پێویستە کە ڕاستەوخۆ لەسەر ئەو بابەتە بەزمانی کوردی و عەرەبی بێت، تەنها سوود لە سەرچاوەی ئینگلیزی بیندراوە.

**بەشەکانی لێکۆلینەوەکە:**

ئەم لێکۆلینەوەیە لە چوار بەش پێکدێت، بەشی یەکەم، باس لە کێشەی میدیا و ڕۆژنامەنووسان لە قۆناغی سەرهەڵدانی دیموکراسی دەکات. بەشی دووەم باس لە میدیا و دیموکراسی دەکات و ئەویش لە دوو تەوەر پێك دێت، تەوەری یەکەم باس لە پەیوەندی نێوان میدیا و دیموکراسی دەکات و تەوەری دووەمیش باس لە ئەرکە سەرەکییەکانی میدیا بۆ پێشخستنی ژیانی دیموکراسی، دەکات. بەشی سێیەمی ئەم لێکۆلینەوەیە، باس لە بەرپرسیارێتی میدیا لە قۆناغی سەرهەڵدانی دیموکراسیدا دەکات. هەروەها لە بەشی چوارەمدا باس لە ڕۆڵی میدیا لەهەرێمی کوردستان لە قۆناغی سەرهەڵدانی دیموکراسیدا، دەکرێت .

## بەشی یەکەم: کێشەی میدیا و ڕۆژنامەنووسان لە قۆناغی سەرهەڵدانی دیموکراسی

قۆناغی سەرهەڵدانی دیموکراسی، بریتیە لە قۆناغی دوای تێپەڕاندنی سیستەمی دیکتاتۆریەت و قۆناغی بەر لەدروست بوونی دیموکراسییەتێکی جێگیر، هاوشێوەی ڕۆژئاوا. بۆیە دیموکراسییەت لەم قۆناغەدا زەمەنێکی پێویستە، تاوەکو لەخەم دەرەخسێ. بەڵام بێگومان بەبێ کێشە تێپەڕنابێت .

سروشتی سەرهەڵدانی دیموکراسی هەڵگری هەندێك کێشەیە، ئەو کێشانە گرفتن بۆ میدیا...بۆ ڕۆژنامەنووسان...بۆ یاساکان...بۆ دەسەڵات...بۆ خەڵك.

کێشەکانی ڕۆژنامەنووسان و میدیا لەقۆناغی سەرهەڵدانی دیموکراسی دەکرێت لە چەند خاڵێکدا کۆ بکرێنەوە -:

١. پێدانی زانیاری ناوورد لەلایەن سەرچاوە ڕەسمیەکانەوە:- لێرەدا زانیاری ناوورد نەوەك تەنها لەلایەن سەرچاوە نارەسمیەکانەوە دەدرێت بە میدیا و میدیاکاران، بەڵکو زۆرجار لەلایەن سەرچاوە ڕەسمیەکانیشەوە زانیاری ناوورد دەدرێت بە ڕۆژنامەنووسان، بێگومان ئەمە وا لە میدیا دەکات بێ متمانەیی پەرپا بکات و شوناسی خۆی لە دەست بدات، کە نەوەك هەر خەڵك بەڵکو ڕۆژنامەنووسان و میدیاکانیش تووشی زەرەرمەندی دەبن-(Al Qazwini, I. (٢٠٠٤).

٢. گرانی و قورسی دەستکەوتنی زانیاری:- لەقۆناغی سەرهەڵدانی دیموکراسی دا، نەوەك تەنها ڕۆژنامەنووسان و میدیاکان بە قورسی زانیاریەکانیان دەست دەکەوێت، بەڵکو بۆ هاووڵاتی ئاسایی، دەستکەوتنی زانیاری ئاسان نابێت.

٣. پێدانی زانیاری بێشومار لەلایەن کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بەخەڵك:- لەقۆناغی سەرهەڵدانی دیموکراسی دا، زانیاری و بابەتێکی بێشومار لەلایەن کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بڵاودەکرێنەوە، بەڵام ئەو زانیاریانە کوالیتی بەرزیان نییەو لە

پرۆفێشناڵیدا لاوازن. زۆرجار ئەو زانیارییە زۆر نزم و ناتایبەتمەندییانە، ئالۆزی و ناتێگەشتن لەلایەن وەرگر دروست دەکات(Schudson, M. ٢٠٠٨) .

**بەشی دووەم: میدیا و دیموکراسی**

**تەوەری یەکەم: پەیوەندی میدیا بە دیموکراسی**

پەیوەندی میدیا بە دیموکراسی، پەیوەندییەکی راستەوانەیەو گەشەی میدیاکار دەوەستێتەسەر گەشەو نەشونماکردنی دیموکراسی. گەشەو پێشکەوتنی دیموکراسی کار دەکاتە سەر بەرەوپێشچوونی میدیا، بۆیە بۆ گەشەکردنی میدیا و رۆژنامەنووسان و ژیانی دیموکراسی پێویستە چەند هەنگاوێکی گرنگ بندرێت، لەوانە-:

-دەرفەتی گفتووگۆو یارمەتی گۆڕانکاری بدرێت .

-زیادکردنی دەرفەت و کەمکردنەوەی هەرەشە، لە ژن لە منداڵ لە مرۆڤ ...هتد

-دانانی سیستەمی security ئاسایشی کۆمەڵایەتی .

-لە دەستووردا،گرەنتی ئازادی میدیاو ئازادی رادەربڕین بکرێت. لە دەستووردا یاساکان تەرکیزیان لەسەر مرۆڤ و مرۆڤایەتی بێت(Saab, E. ٢٠٠٦) .

-میدیاکاران لە روانگەی لۆژیکی میدیاوە کاری خۆیان کاراتر بکەن، ئیتیکی رۆژنامەنووسی و پرەنسیپەکانی راگەیاندن و ئەرکەکانی میدیا، بپارێزن .

-لە بواری ئابووری، برەودان بەجیهانگیری و مامەڵەکردن لەگەڵ تەکنەلۆژیای نوێدا، (ئینتەرنێت...هتد) بکرێت . (Caparini, M. (ed), ٢٠٠٤)

بەڵام لە پەیوەندی دیموکراسی بە ئازادی بازرگانی و ئازادی میدیا بەیەکەوە، بێگومان بەبێ ئازادی ئابووری مونافەسە دروست نابێت، چونکە بەبێ مونافەسەکردن تەنها ژمارەیەکی کەم لە ریکلام دروست دەبێت...بەبێ مونافەسەی ریکلام کردن، هیچ رێگایەك نیە بۆ پاڵپشتکردنی خەڵك و وەرگرانی میدیا، کە ئەو خەڵکانە دەنگە بنچینەییەکانن و پێویستی سەرەکی ئازادی و کردنەوەی گفتوگۆ و چەندو چوونەکانن. چونکە بێگومان بەبێ راستگۆیی و متمانە لە میدیادا، دیموکراسی بوونی نابێت(Postill, J. ٢٠٠٨) .

**تەوەری دووەم: ئەرکە سەرەکییەکانی میدیا بۆ پێشخستنی دیموکراسی.**

بێگومان میدیا بەشێوەیەکی گشتی کۆمەڵێك ئەرك و پرۆنسیپی خۆی هەیە، بەشێك لە ئەرکە سەرەکییەکانی لە قۆناغی سەرهەڵدانی دیموکراسی، تەرکیزکردنە سەر ژیان و هێزی دیموکراسیە، بۆیە ئەرکە سەرەکییەکانی میدیا بۆ پێشخستنی دیموکراسی یان چۆنێتی دروست بوونی کۆمۆنیکەیشنی دیموکراسی، دەتواندرێت لەچەند خاڵێکدا کۆ بکرێتەوە-:

١. پێویستە هاووڵاتی هەست بە دەسەڵات پێدان بکات وکاریگەرییان بنوێنن، بۆ نمونە لە هەڵبژاردن یان لە فۆرمەکانی تری بەشداری سیاسی، راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ رۆلیان هەبێت. واتا بەشێوەیەکی سەرەکی میدیا رۆڵی هاووڵاتی بەگرنگ وەربگرێت و فۆکەسی سەرەکی لەسەر بکات.

٢. نواندنی بێ زیادو کەمی رێکخستنی ئارەزووەکان، کەلتور، بەڵێنە سیاسییەکان، چینەکانی کۆمەڵ، کەمایەتی و نەتەوە جیاوازەکان.
٣. چاودێریکردنی ئەرکە کۆمەڵایەتییەکان، ئەرکە سیاسییەکانی رێکخراو و ناوەندەکانی تر، تاوەکو ئاستێکی باوەرپێکراو متمانەیان هەبێت.
٤. کاریگەری سروشت و هونەری رەوانبێژی لە زاراوەو چەمکەکان، پرەنسیپە ئەخلاقییەکان و مامەڵە لەگەڵ رووداو زانیارییەکاندا.
٥. بەرهەمهێنانی یەکێتی بیروباوەر، واتا رۆڵی میدیا لە خولقاندنی رای گشتی لەسەر بابەتە گرنگەکان لەبواری ئاسایشی ئابووری و کۆمەڵایەتی و تەندروستی و ...هتد((Omoera, O. S. ,٢٠١٠) .

## بەشی سێیەم: بەرپرسیارێتی میدیا لە قۆناغی سەرهەڵدانی دیموکراسیدا

نەتەوەکان پێویستیان بەبەرپرسیارێتی میدیا هەیە، بەڵام چۆن ئەو بەرپرسیارێتیە دەست دەکەوێت یان ئەنجام دەدرێت و دەهێندرێتەدی؟

لەلایەکی تر، قورسە کەوا گرەنتی ئازادی هەواڵ و بیروراو شیکردنەوەی پێویست لەم قۆناغەدا بکرێت، بەڵام چۆن متمانەو راستگۆیی و دانایی تیایاندا بپارێزین؟

بۆیە بۆ بەرجەستەکردنی بەرپرسیارێتی میدیا لە قۆناغی سەرهەڵدانی دیموکراسی، پێویستە دەزگاکانی راگەیاندن، چەند هەنگاوێکی گرنگ ئەنجام بدەن، پەیرەوی چەند هەنگاوێکی گرنگ بکەن، لەوانە -:

١. گرەنتی دروستکردنی مونافەسەی ئابووری بۆ کەناڵەکانی راگەیاندن دەستکەوێت و بکرێت.
٢. بەیاسای کراوە مامەڵە لەگەڵ خەڵك و میدیا بکرێت، یاساکان لە لایەن چاوی کراوەو مێشکی کراوە بەرهەم بهێندرێن و فۆرمەلە بکرێن.
٣. بەناچاری و بەبێ هیچ چەندو چوونێك، کوالیتی پەروەردەیی بۆ هەموو منداڵێك، جا لەهەر ئاستێکدا بێت بەرزبکرێتەوە و پێشبخرێت، کە ئەمەش هەر دەبێت ببێت و دەرباز بوونی بۆ نیە، چونکە ناتوانین ئەو خواست و هیوایەمان لە پێشخستنی زانیاری بهێنینەدی، تاوەکو هاووڵاتی ئامادە نەکرێت بۆ ژیان و بۆ کار لەنێو ئەو جیهانەی کە تادێت ئاڵۆزتر دەبێت .
٤. بۆ مسۆگەرکردنی خاوەندارێتی میدیا، پێویستە پەیرەوێك بە گوێرەی یاسا یان بەبێ یاسا هەبێت، دەستوورێك (Bound)کە میدیا و میدیاکاران لەسەری برۆن، هەروەها دەوڵەت لەسەری بڕوات،کەوا رۆژنامەنووسان و بەرێوەبەرەکان و خاوەن ئیمتیازەکان، سوورین لەسەر داهێنان و بەردەوام بوونی ئەو بەرپرسیارێتییە.
٥. رەچاوکردنی ژیانی تایبەتی (privet live) خەڵك و لەدەستنەدانی متمانەی خەڵك.
٦. بەروونی دژوەستان و بەربەرەکانی کردنی ئەو هەڵانەی دەکرێن، وەکو بەدرەوشتی و بەرەڵایی و کاری نایاسایی...هتد.
٧. بەرپرسیارێتی لە ئاسوودەیی و خێروخۆشی و چاکەو کامەرانی بۆ خەڵك، تاوەکو لەدواجاردا نەتەوەیەکی سەرفرازو کۆمەڵگایەکی دروست و ساغ بەرهەم بێت.
٨. بەرپرسیارێتی لە دوورکەوتنەوەی هەست پەرستی یان وورووژنخوازی (Sensationalism) کە بیروباوەرێکی فەلسەفیە بە مانای (پێزانین و وەرگرتن و فێربوونی هەموو شت لەرێگەی هەستەوە) دێت .

٩. دووركەوتنەوە لە هەڵپەرستی بیروباوەری یان هەڵپەرستی ئایدیۆلۆجی، کەوا زۆرجار لەپەنا کاری میدیادا ئەو کارە ئەنجام دەدرێت و بیروباوەری تایبەت بەسەر راستی و دروستی زانیارییەکاندا فەرز دەکرێت .

١٠. دووركەوتنەوە لە رەوتی دیماگۆجیەت یان دیماگۆك، واتا کەسێکی دیماگۆجی، ئەو کەسەیە کەوا بەمەبەستی دەستکەوتنی ئامانجەکانی خۆی،جەماوەر هاندەدات و دەیجولێنێت، کە پێویستە لەم قۆناغەدا میدیا لەو رەوتە دووربکەوێتەوە .

١١. دووركەوتنەوە لە هەژاری یان کەم بایەخدان لەراپۆرتێك کە ساغ کردنەوەو سەلماندن و بەڵگە بۆهێنانەوەی پێویست بێت و نەتواندرێت ئەو بەڵگانە دەست بکەون. هەروەها دووركەوتنەوە لەداکۆکی کردنی زیاد لەپێویستی زانیاریەك یان راپۆرتێك کە ئەوەندە نەهێنێت یاخود ئەو بابەت و زانیاریانە ئەوندەیان لەبار نەبێت یان پێویست نەبێت، بایەخیان پێ بدرێت(Robert Civita, ٢٠٠٦) .

## بەشی چوارەم: رۆڵی میدیا لەهەرێمی کوردستان لە قۆناغی سەرهەڵدانی دیموکراسیدا

لەقۆناغی سەرهەڵدانی دیموکراسی دا، میدیا و رۆژنامەنووسان...دەسەلات و یاساکان...لە هەموویان زێدەتر خەڵك دەبێتە قوربانی، بۆئەوەی ئەو قوربانیانە کەم بکرێنەوەو نەمێنن، پێویستە میدیا و رۆژنامەنووسان رۆڵ و ئەرکی تر بنوێنن. هەر بۆیە پێویستە لەم قۆناغەدا رۆژنامەنووسان و میدیاکانی هەرێمی کوردستان، چەند هەنگاو و خاڵی گرنگ پەیرەو بکەن و لەبەرچاوی بگرن، تاوەکو ئەو رێ و شوێنانە ببێتە یارمەتیدەرێکی کارا بۆ ژیانی دیموکراسی و ببێتە یارمەتیدەرو پاڵپشتێکی بەهێز بۆ نەشوونماپێکردنی دیموکراسی و دەربازبوون لە هەندێك لەو قەیرانانەی کەوا رووبەرووی رۆژنامەنووسان و میدیاکان دەبێتەوە، چونکە میدیا لەم قۆناغەدا پێویستە رۆڵی فریاکەوتنی کتوپڕ ببینێت، بۆیە گرنگە لە هەرێمی کوردستان، میدیا ئەم خاڵانە بەهەند وەربگیرێن-:

١. وورد بوون لە پێدانی زانیاری:– دەستکەوتن و ووردی لە زانیاری بنچینەیەکە بۆ دیموکراسیەتێکی دروست، چونکە وا لە هاووڵاتی دەکات بەرپرسیارێتی بەکاربێنی لە هەڵبژاردنەکان و ئەو شتەی هەڵی بژاردووە یان بڕیاری لەسەرداوە پاڵپشتی بکات و داکۆکی لێبکات .

٢. بەکارهێنانی سەرچاوەی بەهێز، پێویستە لە هەرێمی کوردستان، دەزگاکانی راگەیاندن، بۆ دەستکەوتنی زانیاری میدیایی، سەرچاوەی بەهێز بەکاربێنن.

٣. شیکردنەوە بۆ رووداوە سەرەکییەکان، کەوا تێگەیشتنی هاووڵاتی بۆ رووداوەکان زیاتر دەکات و وا لە وەرگر دەکات لەهەر پێشهاتێك خاوەنی زانیاری و باگکراوندی ئەو بابەتە بێت .

٤. هەستکردن بەهەستی کەسانی تر، بە مانای فەرامۆش نەکرنی هاوسۆزی کۆمەڵایەتی و هەستکردن بەسۆزو بیرکردنەوەی بەرامبەرە.

٥. دابینکردنی ناوەندێك بۆ دیالۆگ لە نێوان هاووڵاتیاندا، چونکە بێگومان رای هاووڵاتیان وەك کانیاوێکە لەتێروانین و بۆچوونی هەمەچەشن، کە لێرەدا پێویستە میدیاکان لە رەخساندن و دەرفەتدان بە وەرگرو هاووڵاتیان، کراوەتر بن .

٦. نابێت میدیا خەڵك وەك کالایەك سەیر بکات و کاری لەسەر بکرێت، بەڵکو پێویستە توانا شاراوەکانی خەڵك، لەرێگەی میدیاکانەوە دەربخرێت.

٧. بێلایەنی و بابەتی بوون (لایەنگیری نەکردن)، یەکێك لە پرەنسیپەکانی بابەتی بوون، بێلایەنیە. بێلایەنی بوون بە مانای بێلایەن نەبوون نییە لە کاری سیاسی و حزبی، بەڵکو بێلایەنی بوون، بە مانای لایەنگیری نەکردنە لە ناوەڕۆکی بابەتەکان، جا ئەو بابەتە سیاسی بێت یان کۆمەڵایەتی یان تەندروستی و زانستی بێت یان هەر شوناسێکی تری هەلگرتبێت، پێویستە میدیا و ڕۆژنامەنووسان لایەنگیری نەکەن و بێلایەنی خۆی (Mawlood, S., ٢٠١١)

## ئەنجام

١. میدیا لە هەرێمی کوردستان، لە قۆناغی سەرهەڵدانی دیموکراسیدایە، بۆیە هەمیشە تەرکیز دەکاتەوە سەر هەست و کەمتر لە لۆژیك نزیك دەبێتەوە .

٢. بەردەوامی کێشمەکێش لە نێوان سیستەمی بەڕێوەبردنی وڵات و دەزگاکانی ڕاگەیاندن، لە هەرێمی کوردستان .

٣. پەیوەندی نێوان دیموکراسی و میدیا، پەیوەندییەکی ڕاستەوانەیە و ژێرکەوتن و سەرکەوتنییان بەیەکەوە بەستراوەتەوە .

٤. بۆ نەشونماکردنی زیاتری دیموکراسی، میدیا هەمیشە لە ئاست بەرپرسیارێتیدابێت و ئەرك و پرەنسیپ و ئێتیکی خۆی فەرامۆش نەکات .

٥. خاڵی سەرەکی بەیەکگەیشتنی میدیا و سیستمی دیموکراسی، بریتییە لە 'خەڵك'، بۆیە هەردووڵا هەمیشە لەخەمی خەڵکدا دەبن.

٦. سیستەمی بەڕێوەبردن و ئاستی دیموکراسی لە هەرێمی کوردستان، پێویستە یارمەتیدەرێکی کارای میدیا و ریفۆرمی میدیا بێت .

٧. لە هەرێمی کوردستان، زانیارییەکان بەقۆرسی دەست میدیا دەکەون و زۆرجار زانیاری سەرچاوە رەسمیەکانیش ووردنین...لە هەمان کاتدا میدیاکانیش زۆرجار زانیاری نادروست پێشکەش بە خەڵك و وەرگران دەکەن.

٨. لە میدیاکانی هەرێمی کوردستان، بێ لایەنی نەبوون لە ناوەڕۆکی بابەتەکان و کاریگەری ئایدۆلۆجی و بیروباوەری و ڕایسیزم و بەکەسی کردنی بابەتەکان، بەتەواوی هەستی پێ دەکرێت .

٩. بەهێزبوونی جومگەکانی دیموکراسی لە هەرێمی کوردستان، بە سستی دەبیندرێت، بۆیە لەتوانایدانیە، بەرونی هەزمی ئەرکەکانی میدیا و پەیامی میدیا بەدروستی بکات.

# سەرچاوەکان

## بەزمانی ئینگلیزی:


١. Blankson, I. A. & Murphy, P.D. eds., 2007. *Negotiating Democracy: Media Transformations in Emerging Democracies*, SUNY Press.

٢. Omoera, O. S. (2010) 'The Import of the Media in an Emerging Democracy: an. Evaluation of the Nigerian Situation'. *Journal of Social Science*, 22.1, 33-38 [Online]. Available from: http://www.krepublishers.com/02-Journals/JSS/JSS-22-0-000-10-Web/JSS-22-1-000-10-Abst-PDF/JSS-22-1-033-10-957-Omoera-O-S/JSS-22-1-033-10-957-Omoera-O-S-Tt.pdf [Accessed: 9 March 2015]

٣. The Role of the Press in an Emerging Democracy. Address by Robert Civita, W'57. Chairman & Editor-in-Chief of the Abril Group, Wharton Global Alumni Forum, Hotel Copacabana Palace, Rio de Janeiro, August 11th, 2006 [Online]. Available from: http://knowledge.wharton.upenn.edu/papers/download/civitaspeech.pdf [Accessed: 14 October 2015]

٤. Caparini, M. (ed), (2004) *Media in Security and Governance: The Role of the News Media in Security Oversight and Accountability*. Baden-Baden: Nomos Verlagsgesellschaft.

٥. Mawlood, S. (2011) *Challenges and Opportunities:The Impact of the Press Law (*2008*) on the Role of Journalism in the Kurdistan Region post-*2003. Thisis of Media, Department of Media, Bradford University.

٦. Mawlud, S (2008) *The Role of the Media in Informing Voters During the December* 2005 *Election Campaigns in the Iraqi Kurdistan Region,* Master of International Broadcast Journalism, Department of Media, Sheffield Hallam University.

٧. Postill, J. (2008) *Media and Nation Building: How the Iban Become Malaysian*. Oxford and New York: Berghahn.

٨. Saab, E. (2006) 'The Independence of the Arab Media' in *Arab Media in the Information Age.* ECSSR (ed), Abu Dhabi: ECSSR.

٩. Schudson, M. (2008) *Why Democracies Need an Unlovable Press.* Polity Press: Malden, MA, 2008

١٠. Al-Qazwini, I. (2004). On the role of media in the current transition phase in Iraq. Transitional Broadcasting Studies [Online]. Available from: http://www.tbsjournal.com/Archives/Fall04/campqazwini.htm. [Accessed: 12 July 2015]

## پوختە بە زمانی کوردی

ئەو لێکۆلینەوەیە لەژێر ناونیشانی (رۆڵی میدیا لە هەرێمی کوردستان لە قۆناغی سەرهەڵدانی دیموکراسیدا). ئەو لێکۆلینەوەیە ژمارەیەك کێشە دەردەخات و دەدۆزێتەوە کە پەیوەستە بە میدیا لە قۆناغی سەرهەڵدانی دیموکراسی. هەرێمی کوردستان لە قۆناغی سەرهەڵدانی دیموکراسیدایە، کە ئەمە قۆناغێکی سەرەتاییە بۆ بەرەو دیموکراسییەتێکی تەواو. لە هەرێمی کوردستان، لەنێوان میدیا و قۆناغی دیموکراسی گرژی و ئالۆزی هەیە. میدیای کوردی، پێویستە هەوڵی گۆڕینی سەرهەڵدانی دیموکراسی بۆ دیموکراسیەتێکی پێگەیشتوو بدات، چونکە رۆژنامەنووسی رۆڵێکی گرنگ لەم قۆناغەدا دەگێرێت. میدیا لە هەرێمی کوردستان کێشەی زۆرە، لەوانە ماف دەستکەوتنی زانیاری تەنانەت لەسەرچاوە حکومی و رەسمییەکانیشەوە. رۆژنامەنووسان لەم قۆناغەدا پێویستە نەوەك هەر لەمافەکانییان بەڵکو لەبەرپرسیارێتیەکانیشیان تێ بگەن.

## پوختە بە زمانی عەرەبی

بحث بعنوان (دور وسائل الإعلام في إقليم كردستان في الديمقراطية الناشئة). حتى الآن درست هذا البحث عددا من القضايا المتصلة بدور وسائل الإعلام في الديمقراطيات الناشئة. إقليم كوردستان في ديمقراطية ناشئة يجري في المراحل الأولى من تطورها نحو التحول إلى الديمقراطية بشكل كامل.

في إقليم كردستان لديها الصراع ومعقدة بين وسائل الإعلام الكردية ومرحلة الديمقراطية.

وسائل الإعلام الكردية يجب أن تحاول الانتقال من الديمقراطية الناشئة إلى واحد الذي هو مستقر، لأن الصحافة دورا هاما في ديمقراطية ناشئة، ومعظمهم من حيث بناء الأمة. لا يزال هناك عدد من الصعوبات والمشاكل الكبيرة في وسائل الإعلام، في إقليم كردستان يصعب على الصحفيين في الحصول على المعلومات والوصول إليها، وخاصة من مصادر حكومية. التي يحتاجونها لفهم ليس فقط حقوقهم ولكن مسؤولياتهم.

## پوختە بە زمانی ئینگلیزی

## ABSTRACT

The research entitled (the role of Media in the Kurdistan region in an emerging democracy). Thus far this research has examined a number of issues relating to the role of the media in emerging democracies. The Kurdistan Region in an emerging democracy being at the early stages of its development towards being a fully democratic.

In the Kurdistan region has conflict and complex between the Kurdish media and the stage of democracy.

The Kurdish media should be attempting to move from an emerging democracy to one which is stable, because journalism has an important role in an emerging democracy, mostly in terms of nation building. There are still a number of significant difficulties and problems in the media, in the Kurdistan Region it is difficult for journalists to obtain and access information, especially from government sources. They need to understand not only their rights but their responsibilities.